چیرۆکی منداڵان

# توانە بچکۆلەکان

نوسینی:

سەلام مەنمی

**وەزارەتی رۆشنبیری**

**خاوەنی ئیمتیاز: وەزیری رۆشنبیری**
**سەرنووسەر: نیان ئەحمەد**

ناوی کتێب: شوانە بچکۆلەکان

زنجیرەی کتێب: ٢٥

نوسینی: سەلام مەنمی

دەرهێنانی هونەری: ئاسۆ خالید

وێنەکان: پەخشان گەلاڵی

پیتچنین و پێداچوونەوە: گلێنە خلقی

هەڵەچن: نیعمەت حەمە عەلی

سەرپەرشتیاری چاپ: عەبدولقادر عەلی مەردان

ژمارەی سپاردن : (١٣٨٦) بۆ ساڵی ٢٠٠٧

چاپ: یەکەم –٢٠٠٧–

چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخی: ٥٠٠ دینارە

**زنجیرە کتێبی منداڵان لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە:**

**www.geocities.com/ktibi_mindalan**


گوڵەباخ
٣

گوڵە باخێک لەگوێی چەمێکدا روابوو، چەند لقێکی دەرکرد بوو هەموو ساڵێک لەکاتی خۆی سەوزدەبوو، گوڵی بۆنخۆش و سووری دەگرت چەمەکەی پڕ لەبۆنکردبوو، بەڵام لەم دواییەدا دڕکە زیپەک لقی بەچوار دەوری خۆیدا فرێدا بوو تەنگی پێهەڵچنیبوو لقێکی داپۆشی گوڵەکانی شندرو بندڕکرد، لقەکانی تریش هەتا بوو لەگەشەکردن بوون و ڕەونەقی گوڵەکان لەزیاد بووندابوو.. ئەمیش هەستی بەکەم و کووڕی کردو بەخیلی بەوانی تر دەبردو دەیووت ..؟ تووشی چ بەڵایەک بووم، بلێ ئەوان چییان لەمن زیاترە ..؟ هەمووومان لەیەک ئاو دەخۆینەوەو ڕەگێکمان هەیە، هەرکەسیش دی بۆنی ئەوان دەکات و خۆی لەمن ناگەیێنی.. خۆی پێنەگیراو پێی وتن:

- بۆچی لایەکم لێناکەنەوە؟

- ئەوانیش وتیان:

- ئێمە دەترسین ساڵێکی تر وایش لەئێمە بکات، دەسەڵاتمان نییە، هەق وایە گلەیی لەو مرۆڤانە بکەیت کە خۆیان لەتۆناگەیێنن.

- بەڵام پشوو بگرە تەنگانە بەری کورتە.


- ڕۆژێ «مام خاتر»ی باخەوان هات بۆ ناو باخەکەی و سەیری کرد کۆمەڵێک کارژۆلە چوونەتە ناو باخەکەیەوەو نەمامەکانیان ڕووت کردوەو گەڵایان پێوە نەهێشتوون بەپەلە دەری کردن و وتی:- ئەوە پەرژینەکەیان کون کردوە ..؟ بزانن چۆنتان لێدەگرم

- هاتەوەو تەوراسەکەی هەڵگرت و رووی کردە چەمەکەو چووە سەردڕکەزیپەکەو وتی:

- باجاری تۆ ببڕمەوەو ئەو گوڵە ڕزگار بکەم، تۆ بۆ خزمەتی گوڵ و باخ درستبووی نەک بۆ کوێر کردنیان..

بەتەوراسەکە دایپاچی  و گوڵەکەی رزگار کرد، لەم لایشەوە کونی پەرژینەکەی پی گرت، لقەکانی تر پیرۆزباییان لی کردو وتیان:

– نەمان وت پشوو بگرە ئێمەی گوڵ خۆشەویستی مرۆڤین و ناچین بەپێی کەساو کەس رقی لێمان نییە:



# شوانه بچکۆلەکان

«جوامێروخەسرەوو جەوهەر» سەر لەبەیانی
گۆچانەکانیان بەقۆڵێ کردو نانە
بەرەکانیان لەپشت بەست و
بەرخەکانیان دایە بەرو بردیانن بۆ چیای
پشت ئاواییەکەو بەرخەکان کەوتنە لەوەڕو سەریان بەزەویەوە
هەڵدەکەنرا، ئەوانیش کەوتنە یاری هەدار هەدارو کێلە بەردینە



ئارەقەیان کردو سور هەڵگەڕان، لەگەرمەی یاری کردنابوون کاتێکیان زانی بەرخەکان بەسەریاندا رەوینەوەو لەدەورووپشتیاندا خڕبونەوە..
سەیریان کرد مام گورگ ملی بەرخێکی گرتووە «جوامێر» کە لەوان گەورەتربوو پەلاماری گۆچانەکەی داو وتی:
راکەن..
ئەوانیش رایان کرد گورگەیش بەرخەکەی هەڵگرت و ویستی دوری بخاتەوە «مام وسوو»ی ڕاوچی لەوکاتەدا پەیدا بوو بەکارەکەی زانی، تا پڕێکی بەسەر گورگەدا تەقان و بەرخەکەی پێبەرداو گورگەی ڕاونا بانگی منداڵەکانی کردو وتی:
ئازیزان بگەڕێنەوە گورگەکەم ڕاونا..
خەسرەو وتی:
ئۆخەی ئەوە «مام وسوو»ی ڕاوچیە، گورگ زۆری لێدەترسێ، ئەو رۆژە گورگێکی گەورەی کوشت..
ئەوانیش وتیان:
راست دەکەیت نەبوو چوینەسەری..؟
گەیشتە لای «مام وسوو» (جەوهەر) چاوی بەبەرخەکە کەوت و دەستی کردە گریان و وتی:
ئەوە بەرخەکەی ئێمەیە بڕۆمەوە باوکم لێم دەدا..
«مام وسوو» ناوچەوانی ماچ کردو وتی:
عاقڵ بەرخەکە هیچی لێنەهاتووە، هەندی ملی گرتووە جارێکی تر کە مام گورگ هات ڕانەکەن لێی بکەن بەهەراو هوریاو ڕاوی نێن ئێوە زۆرن..

جەوهەر وتی:

خەتای «جوامێر» بوو، ئەو وتی ڕاکەن..

مام وسوو وتی:

– تۆ لەوان گەورەتریت بۆچی ڕاتکرد..؟

جوامێر سەری داخست و

هیچ قسەی نەکرد.


مام وسوویش وتی:

جارێکی تر کاری وابکەن بەترسنۆک ناوتان دەزڕێ..

دەبڕۆن بەرخەکان بەرنەوە.. منیش بەرخە زامدارەکەتان بۆدەبەمەوە.



# وێنه



مــــالّی-ئازا- بانەیی لەترسی دوژمن ئاوارە بوون و لەگـــوندی «چنارە»ی شــاربازێڕ، نیـــشــتــەجێ بوون، دوای ڕاپەڕین لەشــاری «سلێـمــانی» گــیرســانەوە، ڕۆژی «ئازاد» چوو بۆ بازاڕو وێنەیەکی شەهید «قازی» پێشەوای کڕی و لەسوچێکی ژوورەکەیاندا هەڵیواسی و ڕووی کردە پێشەوای کوڕە بچکۆلەی پێیووت:

– ئەزانی ئەوە وێنەی کێیە..؟

– وێنەی پێشەوا  قازی محەمەدە.

– بۆچی پێیدەڵێن پێشەوا..؟

– هەندی ڕاماو وتی ..؟

– نازانم بۆچی وای پێدەڵێن..؟

گەلی کـورد سـاڵی (١٩٤٥) لەکـوردسـتـانی-ئێـران- شـۆڕشـێکی بەسەرۆکایەتی- قـازی محـەمـەد- بەرپاکردو داگیرکەری لەخاکەکەی دەرپەڕان ئاڵای «کوردستان»ی هەڵکرد، لەبەر ئەوە ناویان نا پێشـەوا تۆیش بەناوی ئەو قارەمانە پێشڕەوەوە ناونراوی -پێشەوا-.

– ئەری وێنەی «پێشەوا قازی» لەشاری «بانە» هەبوو..؟

– وێنەی «پێشەوا»و هەموو تێکۆشەران لەوێ قەدەغە بوو..

لەهەر مــاڵێک دا ببــینری خــاوەنەکــەی زیندانی دەکــری و ئازار دەدری..

– ئەی کەی سەر بەستی بەدەست دەهێنن..؟

– ئەوە نیـیـە لەهەمـوو پارچەکـانی خـاکەکـەماندا دژی داگـیـرکـەر وەستاون و دەجەنگن.



# دیاربەکر

«دیاربەکرو هەندرێن» دو وخوێنکاری چواری سەرەتایی بوون و بەیەکەوە دەچوون و بە یەکیشەوە دەگەڕانەوە، ڕۆژی لەگەڕانەوەدا «هەندرێن» بە «دیاربەکر»ی وت:

هەتا مامۆستا «ئازاد» نەیوت نەمزانی هەندرێن چیایە لە «کوردستان» ئەی ئەبی تۆیان بەچی ناو نابی -دیاربەکر- ؟

نازانم بابڕۆمەوە لەباوکم بپرسم..

هاتەوەو دوای نیوەڕۆ لەباوکی پرسی:

- باوکە بۆچی منت ناو ناوە «دیاربەکر»؟

- لەبەر ئەوە «دیاربەکر» شارێکە لە شارەکانی کوردستانی «تورکیا»و هەتا بلێیی خۆش و دڵگیرە..

بۆ چەند کوردستان هەیە..؟

هەریەک کوردستان هەیە، بەڵام کاتی خۆی دوژمن بەسەر -عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا-دا دابەشی کردووە..

بۆچی ..؟!

لەبەر ئەوە خاکی کوردستان بە پیتەو میللەتی کوردیش ئازایە، نەی هێشتووە لەیەک نیشتمانی سەربەخۆ دابن.

ئەی کەی یەک دەگرنەوە..؟

گەلی کورد بەردەوام تێدەکۆشێ بۆ ئەوەی یەک بگرنەوە..




# دارستان



دوو تاقم باڵندە لە دارستانێکدا دەژیان، لەناکاو ئاژاوە کەوتە نێوانیانەوە هەر تاقمەی داوای بەرەوڕۆژی دارستانەکەی دەکردو کەمتر لە نسێیی دارستانەکەدا دەژیان ئاژاوەو دووبەرەکی هەتابوو زیادیان دەکردو کەوتنە کوشتن و بڕینی یەکترو هێلانەی یەکتریان کاول دەکرد بەچکەی یەکیان بەردەنووک دەدا.. ڕۆژێ سەرگەورەی تاقمێکیان بەسەرگەورەی تاقمەکەی تری وت:

ئاژاوەو کوشتن و بڕین چارەسەری دەردەکانی ئێمە ناکەن هەرخۆمان



زیانبەخش دەبین.. وەک دەزانی لەم ناوەدا دوژمنی گەورەترمان هەیە، ئەگەر لەسەر ئەم دوژمنایەتیە بەردەوامبین نەک هەر خۆمان دارستانەکەیشمان لەدەست دەچێ.. ئەوجا مەگەر هەربلێین دارستانێکمان هەبوو، ئێستایش وای بەباش دەزانم ڕووی خۆری دارستانەکە وەک برا بەشیکەین، بەم شێوەیە لەئاژاوەو دوبەرەکی دوور دەبین و سوودیش لەتیشکی خۆر وەردەگرین و هیچ لایەکمان بێبەشنابین..

ئەویش وتی:

لەو برایەتی و تەباییە لاریم نییە بەڵام لەگەڵ دابەشکردنی دارستانەکەدانیم، چونکە دابەشکردن لاوازمان دەکات و دوژمن بەئاسانی بەسەرماندا زاڵ دەبێ و نیشتیمانەکەمان لێ داگیر دەکات، چەندەها خێڵ و تاقمم دیوە بەو شێوەیە نیشتیمانەکەیان لێ داگیرکراوە، هەتا ئێستا تێدەکۆشن بۆ ئەوەی یەک بگرنەوە..

دەستیان نایە ناو دەستی یەکترو بڕیاریان دا یەکێتی نیشتیمانەکەیان بپارێزن و ئە ومژدە خۆشە بۆ هاوڕێکانیان بەرن..



# کوردستان

ماڵ و منداڵی خاڵە «شاسوار» ڕەویان کردو چوونە «کوردستان»ی ئەودیو لەمپەڕەوە لایان دایە ماڵی «قادر»ی کارگەچی، خزمەتێکی زۆریان کردن.. پشوویان گرت و منداڵەکانیان بەیەکەوە دانیشتن، یەکێ لەکوڕەکانی «قادر» بەکوڕو کچەکەی «شاسوار»ی وت:

ناوتان چییە..؟

من ناوم «سەردەشت»ە خوشکەکەیشم ناوی «بانە»یە ئەی ئێوە..؟

من ناوم «هەڵگوردە» براکەشم ناوی «سەفین»ە.

ئەوەی وت و کەوتەوە قسەو وتی:

«بانەو سەردەشت» لای ئێمە شارن و هەردووکیشیانم دیوە..

لای ئێمە ناون، خاڵیشم ناوی -سەردەشت-ە پێشمەرگەیەکی ئازایە..

لای ئێمەیش هێزی سەردەشت هەیە..



هەڵگوردو سەفینیش لای ئێمە چیان..

«قادر» چووە لایانەوە و پێی وتن:

باسی چیدەکەن ..؟

هەڵگورد وتی:

ئەم دوانە ناویان «بانەوسەردەشت»ە ئەڵێن ئەمانە لای ئێمە ناون، شارنین «هەڵگوردو سەفین»یش دوو چیان ڕاست دەکەن..؟

بەڵێ ڕاست دەکەن، لای ئێمە شاری «بانەو سەردەشت» نییە، لای ئێمەیش چیای «سەفین و هەڵگورد» نییە، ئەوان بەناوی دوو شارەکەی لای ئێمەوە ناونراون، ئێوەیش بەناوی دوو چیاکەی لای ئەوانەوە ناونراون، بەڵام ئەمدیوو ئەودیو یەک خاکن و پێی دەوترێ کوردستان..

# گوندەکەمان



گوندەکە ئاوەدانکرایەوە، خانووەکان لەجێی خۆیان دروست کرانەوە دوو کۆتر بەسەر گوێسەبانەیەکەوە نیشتنەوەو سەیری ئەملاو ئەولای خۆیان دەکرد، کۆترێکیان بەوەی تریانی وت:

لەبیرت دێ چەند ساڵێک لەمەوبەر سەر لەبەیانی دامان لەشەققەی باڵ بۆ ئەوەی بژێوی ڕۆژانە مسۆگەر بکەین. ئێوارەیش کە هاتینەوە سەیرمان کرد ئەم گوندە تەخت کرابوو درەختەکان بڕابوونەوە، کانیاوەکان پڕکرابوونەوە، ئێمەیش سەرگەردان بووین و نەمان دەزانی لەکوێ بنیشین. ناچار ڕوومان کردە چیاکان و هەرچۆنی بوو شوێنێکمان دۆزییەوەو هێلانەمان لێ دروست کردەوە..

ئەوی تر قسەکەی پێبڕی وتی:

ئەی بە بیرت دی هەموو جاری ئەمان وت:

دەبێت ڕۆژێ لەڕۆژان گوندەکەمان بە ئاوەدانی ببینینەوەو وەک جاران هێلانە لەبن گوێسوانە و بەرهەیوانەکاندا دروست بکەینەوە..؟

وا بەکوێرەیی چاوی دوژمنەوە بەم گوندە شاد بووینەوە، خانووەکانیش لە جاران بەرزترو خۆشترن، لە جێگاکانی جاران هێلانە دەکەینەوەو لەکانیاوەکانیش ئاوی سازگار دەخۆینەوەو هاتنەوەی ئەمجارەمان یەکجارییە..




داركونكەرێك بەدەنووك دار بەڕوویەكی كون كردو جێی خۆی تیاكردەوە، بەڕۆژ دەفڕی و ژیانی خۆی دابین دەكرد ئێوارانیش دەهاتەوەو هەڵ دەنیشت، ڕۆژی ئاگر لەشاخەكە بەربوو داربەڕووەكەو هێلانەكە سووتان و داركونكەرە سەرگەردان بوو نەیدەزانی ڕوو لە كوێ بكات.. لەدڵی خۆیدا وتی: (هەتا دارێكی تر دەدۆزمەوەو كونی دەكەم ئاخۆ چیم بەسەردێ: ؟) باڵی گرتەوەو ڕووی كردە شاخەكەی ئەمدیو، بەسەر دارێكەوە نیشتەوەو كەوتە ملەقوتی.. دارەكە لێی پرسی:

ئەو ملە قوتێیەت لەچییە ..؟!

لێم قەوماوەو هاتووم جێگام بکەیتەوە.
هەرچەند ورگم کـــون کـــون دەکــەیت و ئازارم دەدەیت بەڵام دڵت ناشکێنم لەبەر ئەوەی من نیشتیمانی باڵندەم.
دەترسم تۆیش ئاگرت تێبەر بێ و بێ جێگە بمێنمەوە ..!
مەبەستت چیە ..؟
لەو دیو شـاخـەکـەوە لەدارێکا هێـلانەم کـردبوو لەناکـاو ئاگـری تێبەربوو..
گوێ مـەدەرێ هەتا ئێـسـتـا چەند جارێک ئاگـرم تێبـەربووە. بەڵام زیندوو بوومەتەوەو ئەم دارەم ئەمبینی.. پاش چەند ساڵێک سەر لەو دارە بدەرەوە دەبینی وەک خـــۆی وایە.. ئەویش زۆر ســوپاسی کـرد بەدەنووک هێـلانەی درووست کـردەوە پاش چەند سـاڵێک قـسـەی دارەکەی بیـرکەوتەوەو بەرەو هێلانە کۆنەکەی باڵی گـرتەوە سـەیری کــرد دارەکـــە وەک جـاران سـەوز بۆتەوە لەدڵی خـــۆیدا وتی: (ئـەم دارانـە هـەرچـی بڵـێن راست دەکـەن و هیچ هێـــزی ناتوانی لەبـنـیـــــان بـێنـێ و هەڵدەدەنەوە).



# درەخت

کۆمەڵێک درەخت لەنێوان دوو چیای بەرزدا دەژیان، بەڵام ژیانێکی دوور لەهەتاو، هەمیشە چەوت و چێڵ بوون و گەشەیان نەئەکرد، مرۆڤی گوندەکە سوودیان لێنەئەبینین، رۆژێ گلەییان لەبەختی خۆیان دەکرد، درەختی یەکەمیان وتی:

بۆچی دەبێ ئێمە هەمیشە لەنسرما بژین..؟ چ تاوانێکمان هەیە درەختەکانی بەرامبەریشمان لەبەر تیشکی هەتاودا سەما دەکەن..؟! خۆزگە هەتاو ئێمەیشی خۆشبویستایە.


درەختی دووەمیشیان وتی:- خۆر ئەوەندە خۆپەرست نییە حەز دەکات هەموو درەختێ سوودی لێ وەرگرێت، بەڵام ئەم دووچیا گەورەیە ڕێیان لێگرتووە.

**- درەختی سێهەمیان وتی: ئەو درەختانەی لای ڕاستمان وەک ئێمە لەنسرما دەژیان و بەدەگمەن هەتاویان بەردەکەوت و دوو چیا لووتیان بەسەریان دا شۆڕکردبۆوە، بەڵام لەبەختی ئەوان دا لەناکاو هەورە بروسکەیەک لە یەکێک لەچیاکانی داو تەختی کردو درەختەکانی ڕزگار کردو ئاشنایەتیان لەگەڵ هەتاودا پەیدا کردو لای مرۆڤیش خۆشەویست بوون ڕۆژی دی هەتاو ڕۆژباشیش لە ئێمە بکات.**



# کوێرە کانی

کوێرە کانییەک هەبوو ئاوی زۆر کەمبوو ، گوڵێک لەبەردەمیا ڕوابوو
ئاوی کانییەکەی هەڵدەمژی و گەشەی پێدەکرد ، بەڵام جرجێک ژیانی
پێتاڵ کردو ئاوەکەی لێبڕی و نەیهێشت بۆی بچێت، گەڵاو
خونچەکانی بەرەو هەڵوەرین دەچوون ڕۆژی گوڵەکە بەجرجەکەی وت:
بۆچی ئاوەکەم لێدەبڕیت..؟ چ سوودێک لەوە دەبینی..؟
ئاوەکە بەژێر زەویدا بڕوات یان من



بیــخــۆمــەوە.؟! هیچ نەبێ رێبــوارو باڵندەو زیندەوەری تر ئاوی لێـدەخـۆنەوەو بەدیمەن و بۆنی منیش خـۆشـحـاڵ دەبن، جـرجـەکـە بەپێکەنینەوە وتی:

- ئەزانی گێلیت..

- گوڵەکە بەسەرسامییەوە وتی:

- بۆ ..؟!

- جرجەیش وتی:

- ئەی نازانی من دوژمنی تۆو مرۆڤم..؟!

- بۆچی ..؟!

- مرۆڤ لەهەر شوێنێکا من ببینێ دەمکوژێت.

گوڵەکە پێی وتەوە:

- تۆ زیان لە خـەڵەو خـەرمـانی مـرۆڤ دەدەیت و ئاوی لێـدەبڕی و تووشی نەخۆشی دەکەیت، ئەویش دەستت لێناپارێزی باشە، وا مرۆڤ ئەتکوژێت ئەی من چیم لێکردووی؟!

- تۆیش خـۆشـەویسـتی مـرۆڤـیت و دەبینم بۆنت دەکـەن و دڕک و داڵت لێ دوور دەخەنەوە، جا بە ڕیشی کی ڕەوایە تۆ هەوای سەرزەوی بەئارەزووی خـۆت هەڵدەمـژیت و شـەمـاڵ بتـشـەکێنێـتـەوەو منیش لە کونی تاریکدا بم..؟!

- ئاوەکە بەردە خۆپەرست مەبە باوشک نەبم .

- ئاو بەرەڵاکەم تۆو مرۆڤ بیخۆنەوە..؟!

لەو قسانە دابون کاتێکیان زانی پشیلە کێویەک هات، جرجەکەیش خۆی بەکونی کانییەکەدا کرد، پشیلەکەیش بەچنگە تیژەکانی هەڵی دڕی و جرجەکەی بەزیکە زیک هێنایە دەرەوە کەوڵی کردو هەر لەوێدا خواردی.

کە لێبۆوە بە چنگەکانی بەری کانییەکەی پاک کردەوەو ڕۆیشت..
ئاوی کانییەکە جارێکی تر هاتەوەو گوڵەکە تێر ئاوی لێخواردەوەو ڕەنگی ڕوون بۆوەو وتی : ئەمە ئەنجامی هەموو کارێکی خۆپە رستییە..





# مێش

مێشێک بەتەونی جاڵ جاڵۆکەیەکەوە گیر دەبێ و هەرچەند دەکات ڕزگاری نابی.. سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆی کرد مێشێکی لەخۆی گەورەتری بینی و پێی وت:

باشبوو هاتی وەرە ڕزگارم کە.

مێشە گەورەکە بەپێکەنینەوە وتی:

سەیرە دەتەوی من ڕزگارت کەم..؟! من دەمەوی هەرچی مێشی دنیا هەیە جگەلەخۆم بەتەڵەوە بن.

ئەی هاوڕەگەزنین..؟!

ڕەگەزو مەگەز نازانم دەمەوی خۆم تێر بم، ئەوەی وت و باڵی گرتەوەو ڕۆیشت.. دوای ئەو هەنگێ هات و لەم لای مێشەکەوە نیشتەوە، مێشەکە پێی وت:



زیندەوەر هەیە لە تەنگانەدا یارمـــــەتی
هاوڕەگەزی خۆی نەدات..؟

تێناگەم مەبەستت چییە..؟!

بە مێشێکم وت لەم تەڵەیە رزگارم کە کەچی
گاڵتەی پێکردم!!

ئێوە ڕەگەزێکی زیان بەخشن هیچ زیندەوەرێک
خۆشی بەچارەتانا نایەتەوە، خۆشتان دوژمنی یەکترن!!

تۆ پیاو بە ڕزگارم کە.

من وتم هیچ زیندەوەرێک خۆشی بەچارەتانا نایەتەوە
بەتایبەتی مرۆڤ.

ئەی تۆ..؟

من خۆشەویستی مرۆڤم و باشترین خواردنی پێشکەش دەکەم، بەڵام
ئێوە پاکترین خواردنی مرۆڤ پیس دەکەن، بەڵاو نەخۆشی لێ نزیک
دەکەنەوە جا لەبەر ئەوانە یارمەتیت نادەم.



# هێلانە

کۆترە باریکەیەک هێلانەی بەسەر داربەڕوویەکەوە کردو
قەلەڕەشکەیەک گەڕی
تێئاڵاندو وتی:
ئەمە هێلانەی منە!
کۆترەکەیش وتی:
خۆم پووش و پەڵاشم
کۆکردۆتەوەو دروستم
کردوە..



ئەڵێم هێلانەی خۆمەو گاڵت و گوێزە.
ئەوەتا هێلکەیەکم تیا کردوە.

ئەوەیش هێلکەی خۆمە..
وا دیارە هێلکەی خۆت ناناسیتەوە..
قەلەکە خۆی گیڤ کردەوە وتی:
ئەگەر چۆڵی نەکەیت خراپت بەسەر دی..
کۆترەکە ناچار بوو هێلانەکەی بە هێلکەکەوە بەجێ هێشت و ئەوناوەی چۆڵ کرد، لەو نزیکانەدا هێلانەیەکی تری دروست کردەوەو لەسەری کڕکەوت و بەچکەیەکی هەڵهێنا.. لەملایشەوە قەلە ڕەشەکە چەند هێلکەیەکی کردو لەسەریان کڕ کەوت و یەک بەچکە کۆترو چەند بەچکە قەلێکی هەڵهێنا ، ڕۆژی کۆترەکە لەگەڵ تاقە بەچکەکەیا بەلای هێلانە کۆنەکەیا تێپەڕین و هەڵوێستێکیان کرد، بەچکە کۆترەکە کەچاوی بەدایکی و خوشکەکەی کەوت، قەلەڕەشەکەو بەچکەکانی بەجێ هێشت و چوو بۆیان، بەچکە قەلەکان سەریان لەو کارە سوڕماو لە دایکیان پرسی و وتیان:
بۆچی ئێمەی بەجێهێشت..؟!
قەلە ڕەشکەکەی دایکیان وتی:



ئەمـە هێـلانەی دایکی
ئـەوبـوو مـنـیش هـاتم
بەهێلکەکـــــەیەوە
داگیرم کرد.
بەچکەکان وتیان:
بۆ ئەوە برای ئێـمـە
نەبوو..؟!
کە دایکی ئێرەی بەجێهێشت
تەنها هێلکەیەکی کردبوو.
ئەمــە لەو هێلکەیەو لەگـەڵ ئێــوە هەڵم هێناوە..
بەچکەکان زۆر پەست بون و بەدایکیان وت:
جــا بەچی چوو، ئەوەتا تۆی بەجێ هێــشت و چووە بۆ لای دایکی خۆی.
من بۆ هێلانەکە دەرم کرد، مەبەست ئەم نەبوو بابڕوات ئازارم پێوە نەچشتووەو بەجگەرگۆشەی خۆمی نازانم..
بەچکەکان وتیان:
کۆتر ئاشتی خوازە، زوڵمت لێکردوە.
قەلەکە بەتووڕەییەو وتی:
ئەگەر من بەدایکی خۆتان ئەزانن ڕەخنە لە کارم مەگرن..
هەمیشە وەک کۆتر ئاشتیمان ئەوی و دژی داگیرکەرین..

# خۆشەویستی



«ئازاد» زەوی حەوشەکەی هەڵکەن، خۆشەی کرد، پەینی پێوە کرد چەند ئینجانەیەک شەتڵی لەبازاڕ کڕی و لێی دان، شەتڵ بەخۆیا هات و لق و پۆپی فرێدا، بەڵام لەبەختی ئەوان گرەو خۆڵبارین گوڵەکانیان سیس کرد، سەرو پۆتەڵێکیان تۆزاوی و زەرد بوون.. «ئازاد»، زۆر دڵگران بوو لەدڵی خۆیدا وتی: (وابزانم ڕەنجەکەم بەفیڕۆ چوو..).

پاش دوو ڕۆژ کەناری ئاسمان ڕوناک بۆوە، کزە بایەکی فێنک هەڵی کرد، گرەو خۆڵی بڵاوکردەوە گوڵەکان کەوتنە هەڵمژینی هەوای خۆش و پاک.. «ئازاد»یش پەیتا پەیتا ئاوی ئەدان، پەیناوی دەکردن.. گوڵەکان سەریان بەرزکردەوەو گوڵی هەمەڕەنگیان گرت، حەوشەکەیان پڕ لەبۆنی خۆش کردو





پەپوولەکانیان میوانداری دەکردن و بەسەریانەوە دەنیشتنەوەو پێیان وتن:-

نابێ گلەییمان لێ بکەن لەسەر ئەوەی ئەم چەند ڕۆژە نەهاتووینە میوانیتان... گوڵەکان وتیان:

- ئێمە دۆستێکی دێرینین گڕەو خۆڵبارین ناتوانن لە یەکمان بکەن، پەپوولەکان زۆر پێخۆشحاڵ بوون و هەستان و ماڵ ئاواییان کردو وتیان:

سبەینی دۆستێکی خۆشەویستتر لەگەڵ خۆمان دەهێنین ئەویش هەنگە..

هەنگە زەردیش خۆشەویستی ئێمەیەو هەرگیز لێمان جیا نابێتەوە، ئەوانیش لە ترسی گڕەو خۆڵبارین نەیانتوانیوە سەرمان لێدەن، بەڵام ئەوەی دۆستی گوڵبێ دەمان دۆزێتەوەو چاویان بە دیدەنیمان ڕوناک دەکەنەوە.



# هونەر

مامۆستا «پەروێز» وێنەکێش و هونەرمەندێکی دەست ڕەنگین بو، کوڕێکی دە ساڵانی هەبوو ناوی «ئالان» بوو هەر لەسەرەتاوە سەرەنجی دەدایە دەستی باوکی و پرسیاری وردی لێدەکرد.. ڕۆژی لەگەڵ باوکی چوو بۆ پێشانگایەک و ڕیزیان لەتابلۆکان گرت، ناو بەناو پرسیاری لەباوکی دەکرد.. تابلۆیەک سەرەنجی ڕاکێشاو پرسیاری لەباوکی کرد:

بیری ئەم تابلۆیەم بۆ لێک نادەیتەوە..؟ باوکیشی لەتابلۆکە وردبۆوەو بە –ئالان–ی وت:

ئەو مارە چۆتە ناو هێلانەی ئەو باڵندەیەوەو بەچکەکانی خواردوە، ئەو مرۆڤەیش بەو دارە سەری پانکردۆتەوە..

تابلۆکانیان تەواو کردو هاتنەوە بۆ ماڵەوە..

«ئالان» دەستی دایە قەڵەمەکەی و وێنەی دوو کۆتری کێشاو یەکێکیان ئەوی تریانی خواردبوو.. هات نیشانی باوکی دا.. باوکیشی بەوردی سەیری کردو وتی:

وێنەکەت جوانە، بەڵام بیرەکەی ناچێتە عەقڵەوەو لەجێگای خۆیا نییە..

بۆچی..؟!



کۆتر ئاشتی خوازە یەکترناخۆن و خۆشەویستی
مرۆڤن و دوژمنایەتی لەگەڵ هیچ زیندەوەرێکدا
ناکەن.. وێنەی مارەکەت لەپیشانگاکەدا بینی،
چۆن بەچکە باڵندەکەی خوارد،
مرۆڤەکەیش سەری
مارەکەی پان کردەوە..
لەبەرئەوەی مار دوژمنی
باڵندەو مرۆڤە.. بەڵام کۆتر دوژمنی کەس نییە..

ئالان بیری کردەوە، هات وێنەی پەرەسێلکەیەکی کێشا کە لەکاتی بەهاردا گەڕایەوە بۆ هێلانەکەی خۆی، بەڵام ئەو بەرهەیوانەکەی خۆی ڕووخێنرا بوو هەر هاتوو چۆی دەکردو بەسەر داروردەختەکانەوە دەنیشتەوە، سەری لێ شێوابوو..

وێنەکەی نیشانی باوکی دا.. ئەویش سەیری کردو ناوچەوانی ماچ کردو وتی:

وردەکاری باشت لەم وێنەیەدا کردوە، بەڵام واباشە هێلانەکە لەجێی جاران دروست بکەیتەوە..

ئاخر بەرهەیوانەکە ڕووخێنراوە..

با ڕوخێنرابێ خۆ دروست دەکرێتەوە، وابزانە نەڕووخاوە.

ئەویش هات بەخەیاڵ بەرهەیوانەکەی دروستکردەوەو هێلانەکەی لەجێی جاران دروستکردەوە...



# پەڵەگەنمێک

مام «هۆمەر» پەڵەیەک گەنمی هەبوو زۆر دڵی پێی خۆشبوو.. باران لەسەر گەنمەکە باری، سەری دەرهێناو بەرە بەرە زەوییەکەی سەوز کرد.. بەڵام دڕکەکە لەوێ باوەشی بەپەڵە گەنمەکەدا کردو کوێرو بێ هێزی کرد..

ڕۆژێ گەنم بە دڕکی وت:

بۆچی ئازارمان دەدەیت؟




ئەمسالّ سالّمانەو دەستتان لێناپارێزین..
گەنم بەهێمنی وتی:
زەرەر دەکەیت..
دڕکەکە بەپێکەنینەوە وتی:
بۆچی ..؟
گەنم وتی:
ئێمە هێزی مرۆڤمان لەگەڵە..
مـرۆڤـیش لە ئێـمـە دەترسێ و
خواخوایەتی نەچین بەپێیا..
ئەوەتا دڕکـێکی باریک بەبن
پێی «مام هۆمەر» دا چەقیوەو کوتاوێتی و ئاوسانوویەتی..
خۆتان دەبیننەوە..
لەم هەڕەشەو گوڕەشانە ناترسین.
گەنم بێدەنگ بوو..
لەم لایشـەوە «مـام هۆمـە» زۆر پەست بوو لەدڵی خـۆیا وتی (کـار وابڕوات بێ رزق و ڕۆزی سەردەنێینەوە، دەبێ ئەم بەڵاشەڕە زوو لەناو بچێ) هات چەند زەلامـێکی لەگـەڵ خـۆی هێناو سـەرو داسی دایە دەستیان و دڕکیان پاکۆداو گەنمیان پاک کردەوە.
گـەنم بەدڵێکی پڕ لەخۆشـیەوە وتی:- نەمان وت هێزی مـرۆڤـمان لەگەڵدایە.
دڕکەکان وتیان: دڵـتان بەوە خۆش نەبی هێشـتـا مرۆری هاوڕێمان ماوە بزانن چیتان لێدەکەن.



«مام هۆمەر» چەند منداڵێکی لەگەڵ خۆیدا بردو لەڕەگ و ڕیشە هەڵیان کەنن و لەسەر دڕکەکان دایان نان.. گەنم وتی:

خۆ ئەمجارە بڕواتان بەهێزی مرۆڤ هەیە..؟

دڕکەکان دەمیان بوو بە تەڵەی تەقیوو.



# تەتەڵە میران

تەتەڵەمـــیـــرانی ڕەش و ســـپی لەشـــارێکا دەژیان، ژیانێکی بەختـــەوەرانەو دوور لەئاژاوەو دووبەرەکی.. بەڵام دوای مـاوەیەک لە سەر ڕەنگ ناکۆکی کەوتە نێـوانیانەوەو بەرانبەری یەکـتر وەسـتان، هەتا بوو ئاژاوەیان زیادی دەکـــردو لق و پۆپی لێــدەبووەوە ڕێگایان لەیەک دەگرت، شەڕیان بەیەک دەفرۆشت، لەم لایشەوە ڕەشمارێک پێـیان فـێر ببوو هەر ڕۆژەی چەندەهای لەهەردوو ڕەنگەکە دەخوارد،

ڕۆژێ گەورەو دەمڕاستی سپییەکان بەگەورەی ڕەشەکانی وت: ئێمە سپی و ئێوەی ڕەش یەک ڕەگەزین لەیەک شاردا دەژین.. ڕەنگ ئەوەنییە یەکتری لەسەر ببڕێنینەوە، ئەگەر بەڕەنگ بوایە دەبوایە ڕەشمار لەئێوەی نەخواردایە، کەچی دەبینم ئێوە لەپێش ئێمەدا دەخوات ئیتر بۆچی دوژمنی یەک بین؟!

سەرۆکی ڕەشەکان وتی:

جا دەڵێی چی..؟

دەڵێم لەم دوژمنایەتییەی ئێمە هەرمار قازانج دەکات، بابەقسەی ئەو مرۆڤانە بکەین کە لەکاتی هاتنی ماردا ئاگاردارمان دەکەنەوە دەڵێن (تەتەڵە میران مار هات مارە ڕەشەی ڕەنگوڵدار هات..).

گەورەی ڕەشەکان وتی:

قسەکانت بە جێن بەڕاستی لەسەر شتێکی پووچەڵ یەکتری دەکوژین و بادەست لەناو دەست نێین و بەرامبەر بەمار بووەستین و پاشەڕۆژی جگەر گۆشەکانمان لێڵ نەکەین..



# بەرخۆلەکان

«جەوهەر» قوتابییەکی زیرەک و ژیرو گوێڕایەڵی قوتابخانەی گوندەکەیان بوو، ڕۆژی لە قوتابخانە هاتەوەو باوکی پێی وت:

بچۆ ئەو بەرخانە لەگوندەکە دەر کەو قاچیان بشکێنە با جارێکی تر بەرەڵایان نەکەن و ماڵی خەڵک کاول نەکەن..

«جەوهەر»یش کتێبەکانی دانا ملی ڕێگای گرت، لەڕێگا شیعرەکانی «پیرەمێرد»ی



بیرکەوتەوە کە مامۆستا لەپۆل پێی وتبوون:

**بابە سەیری ئەو بەرخەکە چەند جوانە   ڕۆڵە ئەوە بەرخی مەڕی خۆمانە**

**ئەوبەرخە گەر بەخێو بکرێ و ببێتە مەڕ   لەسێوو مێو چاکتربۆمان دێتە بەر**

(پیرە مێرد ڕاست دەکات ئەم بەرخانە چەند جوان و سوود بەخشن).

بەقسەی باوکم ناکەم.. گەیشتە ناو گەنمەکەو بەهێمنی بەرخەکانی دەرکردو هاتەوە بۆماڵەوە..

باوکی بەناوچەوانی گرژەوە پێی وت:

چاوم لێت بوو بەردێکت تێنەگرتن، ئەی نەم وت قاچیان بشکێنە..؟! ئەوانە بێزمانن و خەتای ئەوان نییە..

ئەی من گەنمم بۆ ئەوان کردوە..؟

بەخاوەنەکەیان بڵێ، ئەوان بەرەڵایان دەکەن قاچیشیان بشکێنم هەر دێنەوەو گەنمەکە دەخۆن..



# دایک



کەروێشکێک لەدەشتی «شارەزوور»دا دەژیا ، هەر چل ڕۆژ جاری چەند بەچکەیەکی دەخستەوە، بەچکەکان گەورە بوون، قولیان ئەستوور بوو ، دایکیان بەجێ هێشت، مام ڕێوی ئەوەی بەهەلزانی و

هات کـردنی بەهاوڕێی خـۆی، پاڵـی پیـوەنان بۆ ئەوەی دوژمنایەتی دایکیـان بکەن، ئەوانیش بڕوایان کـردو لانەیان پێـتـاڵ کـرد ئەویش دەیزانی ڕێوی هانی داون و چاریان ناکـات، ناچار خـۆی دووره پەرێز گـرت و لێـیـان نزیک نەدەبوەبوە.. جـارێکی تر ئاوس بووەو دوو بەچکەی تری خـسـتـەوە، دیسـانەوە مـام ڕێوی و بەچکەکـانی خـۆی گـەڕیان تێـئـاڵاندەوەو ژیانیـان پێتـاڵ کـردەوە، هەمـیـشـە هەڕەشـەیان لێدەکرد، مام ڕێوی دەیویست بەچکەکانی بخوات و وتی.

ئەوجـاره نەمـتـوانی بەچکەکـانی بخـۆم لەبەر ئەوەی ئاژاوەم خـسـتـە نێـوانیـانەوە، بەڵام ئەمـجـاره لەدەسـتم دەرنـاچن.. ئەویش لەم جی بۆ ئەوجی بەچکەکانی دەگواستەوە.

مـام گورگ لە مام ڕێوی فێـڵـبـازتر بوو دوا لانەی کـەروێشکەکـەی دۆزیەوەو هات بەچکەکانی خواردو ویستی دایکیشیان بخوات، بەڵام ئەو ناوەی بەجێ هێـشت و لەهەر شـوێنێ بکەوتایە ڕووی دەکـردە ئەو شـوێنەی بەچکەکـانی بەقـسـەی مـام ڕێوی لێی هەڵـگەڕابوونەوەو ئێـسـتـایش هەڕەشـەی لێدەکـەن و وتـی: (چەند ئازارم پێـوە چەشتن، لەدەمی خـۆم خـواردنم دەگـرتەوە بۆ ئەوان، لەباتی ئەوەی پـارێزگـاری لەدایک و براو خـوشکەکـانیـان بکەن کلکیـان لەگەڵ مـام ڕێوی تێک ئاڵاندووەو لانەیان لێشێواندوم، بەچکەکانیان بەگورگان خواردوودام.. بەڵام من تـەمـەنم زۆره چەندەهای وەک ئەمـانـەم دیوەو لەدایکیـان هەڵگەڕاونەتەوەو دڕکیان لەڕێگایا چاندووه، بەڵام کاڵەکیـان بە ئەژنۆ شکاندووەو بەشەرمەزارییەوە کڕنووشیان بۆبردوە..

# هاوڕێ

باپیری «شاسواری» لەگەڵ «ئارام و ئاری» کوڕەزایا دانیشتبوو ئەم چیرۆکەی بۆ گێرانەوەو پێی وتن:

لە چیایەکدا ئاسکێک و کەروێشکێک بوونە هاوڕێ و ڕۆژ دوای ڕۆژ دۆستایەتیان بەهێز دەبوو.. ڕۆژێ ئاسکەکە بەکەروێشکەکەی وت.

دەزانیت مام گورگ لەپشتمانەوە کونێکی گەورەی هەڵکەندووەو وتیاترە کێوەو،



ئەمیش بۆ ئێمە جێی مەترسییە بەتایبەت بۆ بەچکەکانی تۆ..
ئەی چارە..؟!
خۆ ئێمە کۆڵەکەمان لەگەڵ ئەو بۆنادرێ، چارە ئەوەیە ئەم ناوەی بۆ چۆڵکەین و لەبناری چیاکە لانە دروست کەین و خۆمان لەدەمی ئەم دوژمنە بپارێزین.
- بەڕاستی هاوڕێیەکی دڵسۆزیت. هەرگیز ئەم پیاوەتییەم لەبیر ناچێتەوە..
- هاوڕێ بۆ ڕۆژێکی وانەبێ بۆچی باشە..





# پەڕەسێلکە

«جوامێر» لەگەڵ خەڵکی گوندەکەدا پاچ و خاکەنازی هەڵگرت و هەر کەسە چووە سەر کەلاوەی خۆی، بۆئەوەی گوندەکەیان ئاوەدان بکەنەوەو بەدارستان و کانیاو و چیاکان شادببنەوە.

«جوامێر» بەدیار خانووەکەیەوە جگەرەیەکی داگیرساندو هەر سەیری جێدەستی ڕەشی دوژمنی دەکردو سەری لەدڵڕەقی و دڕەندەیی ئەو زۆر دارە سوڕ دەما.. کاتێکی زانی دووپەڕەسێلکە هاتن و لەسەر دیوارە ڕوخاوەکەی بەرهەیوانەکە نیشتنەوە.. بەچاوپێکەوتنیان



گەشبووەو لای خۆیەوە وتی:

(ئەوە ئەو پەڕەسێلکانەن کەزوو لێرە هێلانەیان دەکرد، ئەوەتا هەر لەجێی هێلانە کۆنەکانیان ورد دەبنەوە..
یاخوا بەخێر بێنەوە، هاتنەوەتان
نیشانەی بەهارو نەورۆزو
سەرکەوتنە.. ئەوەتا
هەردوولامان هاتینەوەو چاومان بە
شوێنەواری باپیرانمان
زاخاو دایەوە.
پاچەکەی هەڵگرت و
وتی:
بازوو خانووەکە دروست
بکەمەوەو بۆ ئەوەی ئێوەی
فریشتەو خۆشەویستیش
هێلانەی تیا دروست بکەنەوە.




«شانۆ و شاگوڵ» قوتابی پۆلی یەکی ناوەندی بوون، هەتا بڵێی زیرەک و ژیرو سەلاربوون و یەکتریان زۆر خۆش دەویست بەیەکەوە بۆ قوتابخانە دەچوون و بەیەکیشەوە دەگەڕانەوە، زۆربەی کاتیان بەکۆششەوە بەسەر دەبرد، بەڵام ڕۆژە ڕەشەکانی کۆچڕەو لەیەکی دابرین و هەریەکەیان ئاوارەی شوێنێ بوون..

دوای چەند هەفتەیەک دوژمن لەشار دەرکراو خەڵکەکە بەرە بەرە بەرەو شار دەهاتنەوە.. ماڵی «شاگوڵ»یش هاتنەوە بۆ شار بۆ سبەینی چووە قوتابخانە، بەڵام خەم دایگرتبوو یەکجار بیری «شانۆ»ی دەکردو دەیووت:

- شانۆ بۆ نەهاتەوە..؟ شتێکی بەسەر نەهاتبێ، بەبێ ئەو کۆششم بۆ ناکری و دەستم ناچێتە هیچ ئیشێک ڕۆژێک لە پشووی وانەی چوارەمدا لە دوکانی قوتابخانەکە پسکویتێکی کڕی، خەریک بوو بەچاوە دەیخوارد، کاتێکی زانی دوو دەست لەپشتەوە بەرچاویان تاریک کرد..



شاگوڵیش بەپێکەنینەوە وتی:

ئەوە دەستە نەرمەکانی «شانۆیە».

شانۆ وتی:

دەتەو« بەبێ من ئەو پسکویتە بخۆی ..؟

بەبێ تۆ زەهری مارە..

# کوردۆ



جگەر گۆشەکانم ئێوەی ئازیزیش هاوبەشیتان لەشۆڕشی نەتەوەکەتانا کردوەو هەرگیز دەستەوستان نەبوون، ئەم چیرۆکە کورتەی کاکە «کوردۆ»ی هاورێتان نمونەی هاوبەشیتانە، دەفەرموون بیخوێنینەوە:-

بەعسییەکان دڕندانە دایان بەسەر ماڵی خاڵە «بایز» داو وتیان: کوا

«شێروان»ی کوڕت..؟

«خاڵە بایز»یش وتی:

چۆتە دەرەوە.

«کوردۆ» بەرەو بازاڕ تێیتەقاندو بە «شێروان»ی وت .

«کاکە شێروان» دڕندەکان بۆ گرتنی تۆ هاتبوون، لە وانەشە ئێستا بگەنە سەرت و بتگرن.. ئەویش ناوچەوانی ماچ کردو کلیلی دوکانەکەی دایەو بەرەو سەنگەرەکانی پێشمەرگە ملینا..



# گوندی چیا سەوز



گوندی «چیاسەوز» ئاوەدان بۆوە.. مام «بایز»یش دوو هۆدەو هەیوانێکی دروستکرد «کامەران و ڕێبوار»ی کوڕیشی هەموو ڕۆژێ بەرخەکانیان بۆ پشت ئاواییەکە دەبردو بەیاری کرنەوە خۆیان خەریک دەکرد، لەگەرمەی یاری کردنابوو «ڕێبوار» وتی:

«کامەران» ئەو شتە خڕە چییە..؟! هەتا ئێستا شتی وام نەدیوە..

«کامەران»یش لێی وردبۆوەو پێی وت:

با لەخۆمانەوە دەستی لێنەدەین، تۆ لای بەرخەکان بە ئەچم باوکم دەهێنم، بەڵام دەستاکاری نەکەیت..

دەستکاری ناکەم زوو بێن.

بەڕاکردن هاتەوەو باوکی و خاڵە «سالار»ی لەگەڵ خۆی هێناو خاڵە «سالار» وتی:



ئەوە (مینە) چۆن بوو دەستتان لێنەدا..؟

ڕێبوار وتی:

ئەو ڕۆژە باوکم ئامۆژگاری کردین، ئامۆژگارییەکانیمان لەبیر نەچۆتەوە..


خاڵە «سالار» پێی وتنەوە:

کوڕەکانم بەعس خۆی نەماوە، بەڵام «مین»ەکانی ماون و چەندەها کەسیان لەم کوردستانە لەناو بردووە هەتا چەند ساڵێکی تریش تاوانەکانی کۆتاییان نایەت ئافەرین بۆ ئێوەی ژیر ئامۆژگارییەکانی باوکتان لەبیر نەچۆتەوە..

# کامەران

«کامەران»ی چاودێری پۆل هەموو ڕۆژی پێش دەوام دەهات و چاوێکی بە پۆلدا دەگێڕاو تەختەکەی دەسڕییەوەو مێژووی ئەو ڕۆژەی لەسەر دەنووسی.. بەیانییەک زەنگی وانەی یەکەمی لێدا، مامۆستا «شەماڵ» خۆی بەپۆلەکەدا کرد «ئازاد»ی جێگری چاودێر



به قوتابییەکانی وت:
هەستن..
قوتابییەکان هەستان و دانیشتنەوە..

مامۆستا «شەماڵ» وتی:
«کامەران»ی چاودێر
لە کوێیە..؟
-دوو قوتابی هەستان و وتیان:
مامۆستا «کامەران» بریندارە..
بۆچی..؟
لەگەڵ هاوڕێیەکیدا لە قەراغ شار (مین) لەژێر پێیان تەقیوەتەوە.
مامۆستایش سەرێکی ڕاوەشاندو هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی:-
«کامەران» منداڵێکی ژیرو زیرەکە بێ و نەبێ هاوڕێی خراپ سەری لێشێواندووەو تووشی ئەو بەڵایەی کردوە، هەتا ئێستا چەندەها جار لەسەر ئەم تەختەیە وێنەی (مین)م بۆکێشاون و باسی مەترسیەکانیم بۆ کردوون.. قوتابیەکان وتیان:
بەڵێ بۆت باسکردوین.
مەرج ئەوەیە دەردەکەی کامەرانتان لەبیر نەچێتەوە..



# مێروولەو هەنگ

مێروولەیەکی زیرەک و هەنگێکی ژیر لەسەر چلێک بەیەک گەیشتن، مێروولە بەزەردەخەنەوە سلاوی لەهەنگ کرد، هەنگیش بەخۆشییەوە وەلامی هاورێکەی دایەوەو پێکەوە کەوتنە مژینی شیلەی گولەکە، کاتێکیان زانی خالخالۆکەیەک لەنزیکیانەوە نیشتەوەو سلاوی لێ کردن ئەوانیش بەڕوویەکی خۆشەوە سەیریان کرد..

خالخالۆکە وتی:

- بۆچی وەلامم نادەنەوە..؟!
- پەپوولەیەک لە وەلامدا وتی:
- دەمیان بەهۆی شیلەی ئەم گولەوە گیراوە زەخیرە بۆ پاشە ڕۆژ دەخەن..





# لاسایی کردنەوە

بێـچووە گورگـێک سەرکـەوتە سەر بەرزاییـەک و بەدەنگێکی سـەیر هاواری کرد، دایکی سەری لەو هاوارە سوڕما وتی:

- بۆچی هاوار دەکەیت..

بێچووە گورگە وتی:

- دەمەوێ وەک شێر بنەڕێنم زیندەوەری دنیا لێم بترسێ.

دایکی وتی:

لاسایی شێر مەکەرەوە، چونکە بەئاگا دێ و دەمان دۆزنەوەو تێکمان دەشکێنێ چونکە وادەزانێ میـراتگری دارسـتانێ، بێچووە گـورگـەکە هاواری کردەوەو بەگریانەوە وتی:

- هــەر دەنــەڕێــنــم هەتاکو منیش وەک ئەو ئازابم.

دایکی وتی:

لاســایی کــەس مــەکــەرەوە چونکە بەلاسـایی کـردنەوە نابیـــتـــە پالەوان و گەورەی دارستان و لێت ناترسن..

